# هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لە دەوران
# لە مابەینی کەکۆن و هەیبە سوڵتان




✿ حاجی قادری کۆیی ئەو مرۆڤە مەزنەیە لە دەورانێکدا کە بیری نەتەوەیی لەم وڵاتەدا لە ئاستێکی لاوازدا بوو، کەچی حاجی وەک نەعرەتەی هەورێکی لێواولێو لە لێزمە و باران گەرووی وشکی پێدەشتێک پاراو بکات هاواری کرد بۆ ئەوەی میللەتی کورد لە غەفڵەتی بێئاگایی راچڵەکێنێت.

ئەو مرۆڤە لەوێ رۆژێدا گرنگی کتێب و زانست و مەعریفەی بۆ کوردان باس کردووە.

میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین
غەیری کوردان نییە لە رووی زەمین

لێرەدا بەدەردەکەوێت حاجی چەندە ئاواتەخوازی شارەزایی و ئاشنابوونی کورد بووە بە جیهانی کتێب و مەعریفە.

حاجی لە سەراپای شیعرەکانیدا بەسەدان وێنە و هێمای شیعری جوان بەرچاوان دەکەون، کە هەر یەک لەو وێنە و هێما شیعریانە دەکرێت ببنە کەرەسەیەک بۆ چەندین لێکۆڵینەوە.

بولبول دەخوێنێ، با لەدەفی بەرگی گوڵ دەدا
غونچە لە باتی گوێ بگرێ، دەم دەکاتەوە

بۆ بەرزراگرتنی یادی حاجی قادری کۆیی رۆژانی ٦ هەتا ٨/ ١٠/ ٢٠٠٤ لە شاری کۆیە ڤیستیڤاڵی حاجی قادری کۆیی لە ئوتێلی کۆیە پالاس بەرێوەچوو.

لە میانی هەر سێ رۆژی فیستیڤاڵەکەدا چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر شیعر و هەڵوێست و نیشتمانپەروەری حاجی قادر خوێندرانەوە لەوانەش بابەتی بەرێزان (محەمەدی مەلاکەریم، د. شوکریە رەسول، رەئوف عوسمان، مومتاز حەیدەری، رێبوار سیوەیلی، عزەدین مستەفا رەسول، مەحمود زامدار و چەندین بابەتی تر.

لە پەراوێزی فیستیڤاڵەکەدا هەندێک بەشداربووی ئەو یادەمان دواند و لەو بارەیەوە راوبۆچوونی خۆیان دەربڕی.

راپۆرت: نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com



**سەرەتا لەمبارەیەوە بەڕێز حەمەکەریم هەورامی گوتی:**

مەبەست بەم جۆرە فیستیڤاڵانەدا یادکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە بیروڕاکانیان لەسەردەمی خۆیاندا وەک ئەستێرەیەکی گەش بووە لە تاریکەستانی ئەو کاتەدا کە خەڵک خەواڵوو بووە و ئەو جۆرە بیروبۆچوونانەیان پەسەند نەبووە کەچی بیروبۆچوونی ئەو کەسانە پاش خۆیان پەرەی سەندووە و ڕەوتی مێژوویان وەرچەرخاندووە..

ئەم فیستیڤاڵە بۆ یادکردنەوەی حاجی قادری کۆییە، کە ئەم شاعیرە بلیمەتە لەناو زنجیرەی ئەوانەدا کە نەتەوەکەی خۆیان هۆشیار کردووەتەوە، دووەم شاعیرە پاش ئەحمەدی خانی.. هەرچەند ئەگەر لەبارەی نیشتمانپەروەری و هۆشیاری نەتەوەییەوە شاعیرە کۆنەکان ریز بکەین خانای قوبادیش وەک حاجی قادر هەوڵی داوە نەتەوکەی هۆشیار بکاتەوە و زەنگی ڕاچەنین و خامۆش نەبوون بەگەلەکەی بزرنگێنێتەوە. حاجی بەداهێنەری قوتابخانەی ڕۆشنبیری نەتەوایەتیمان دەدرێتە قەڵەم، ئەوانەی پاش ئەو هاتن، وەک پیرەمێرد، فایەق بێکەس، ئەسیری و هیتر هەمان ئاڵای هۆشیارکەرەوەیان بەرزکردووەتەوە.. بەڵام حاجی قادر پێش سەد و هەشتا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ هاوار بکات کە گەلی کورد زیاد بکەوێ و خۆی ڕزگار بکات کارێکی گەورەیە و هەڵکردنی چرایەکە بۆ بەربادبوونی تاریکەستانی جەهالەت و نەفامی ئەوکاتە کە کاتی قانگدانی مێشک بووە بە شتی پرووپووچەوە.. لەبەر ئەوە بۆ ئێمەی سەر بە نەتەوەیەکی وەک کورد یادکردنەوەی حاجی قادر حەقدانە بە مێژووی ڕاچنین و هۆشیاری و وریابوونەوە..

شیعرەکانی حاجی قادر هاوارێکە بۆ فریاکەوتن لەدەست نەمان و مەحفبوونەوەی کورد، هاوارەکە لەسەردەمێکدا بوو کە ئاخاوتن و ناوبردنی کورد و شیعری کوردی و باسی نەتەوایەتی کۆمەڵە شتێکی نەبینراو نەزانرا بوون، لەو سەردەمەی حاجیدا تازە باری نەتەوایەتی لە ئەوروپاوە بەرە ڕۆژهەڵات تروسکەی دابوو.. ئەو وەک پەیامبەرێکی یەزدانی هاواری ڕابوونی بۆ گەلە خەواڵووەکەی بەرزکردەوە لەبەر ئەوە شایستەی ئەوەیە نەک هەر لە کۆیە کە زێدی خۆیەتی، بەڵکو حەق هەیە لەسەرانسەری کوردستاندا میهرەجانی بۆ یادکردنەوەی ساز بدرێ..

**هەروەها بەڕێز ئاوات حەسەن ئەمین شاعیر و ئەندامی لیژنەی باڵای ئەم میهرەجانە گوتی:** ئیمە لە لقی نووسەرانی سلێماین و لقی کۆیە بەرنامەمان بۆ ئەم یادە داڕشت، چونکە حاجی قادر مرۆڤێکی مەزنە و زۆری بەسەر کوردەوە هەیە و دەبێت پاداشتێکی بەقەد توانای ئەو مرۆڤە بدەینەوە.




هیوادارم زیاتر گرنگی بە حاجی قادر بدرێت چونکە ئەو مرۆڤە گەورەیە سەراپای ژیانی بۆ کورد تەرخان کردبوو.

**بەڕێز سەلاحە ڕەشی شاعیریش گوتی:** بێگومان سازدانی هەر جۆرە کۆڕ و سیمینار و فیستیڤاڵێک بۆ ڕووناکبیرانی نوێخواز خۆی لە خۆیدا برەودانە بە ئاستی بەرەوپێشبردنی ڕۆشنبیری و لە ئاکامدا حاجی قادر و بیری حاجی قادر بناسین.



بریا ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا دەکرا. چونکە سەرباری پۆزەتیڤی لایەنە مەعریفییەکەی ناساندنی نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردە بە یەکتر و ئاشنابوونیانە بە یەکتری. دەستخۆشی لەم فیستیڤاڵە و ئەوانەشی بە دوایدا دێن دەکەم.

**بەڕێز لەتیف فاتح فەرەج لەبارەی حاجی قادرەوە گوتی:** بە بڕوای من بایەخدان بە سەمبولەکانی ئەدەبی کوردی ئەرکێکی ئاکاری و هەرە لەپێشی نووسەران و ڕووناکبیرانی ئەمڕۆیە، بەتایبەت ئەگەر ئەو بایەخ و ئاوڕدانە لە شوێنەزای خۆیان بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بیرمەندێکی نەتەوەیی وەکو حاجی قادر دەبوایە کۆی بابەتەکان بکرایە بە کتێب و دیوانەکەی چاپ بکرایەتەوە، هەندێک نووسەری پارچەکانی دیکەی کوردستان داوەت کرابان، دواتر هەندێک سەرەداوی گرنگ لە بیری نەتەوەی حاجی دا هەیە دەکرێ قسەی وردیان لەسەر بکرێ.

قسەکردن لەسەر بیری کوردایەتی حاجی لەم دێڕە شیعرانەوە زیاتر دەردەکەوێت. نەک لەبابەتی درێژدادڕ و بێ ماناوە.

جگە لەم وردەکارییانە پێویست بوو زووتر بانگەشە بۆ ئەم فیستیڤاڵە بکرایە، دەزانی لەناو کۆیە لەیەکەم ڕۆژی هاتندا دوو گەنج بە منیان گوت "مامۆستا ئەوە بۆچییە" واتە نەیانزانی فیستیڤاڵی حاجییە، دەشێ لە TV و ڕادیۆ وەک پێویست باسی نەکرابێت، یان باسکرابێت و ماوەکەی کەم بووبێت، بەهەرحاڵ ئەز دەستخۆشی لەو خەڵکانە دەکەم بەمکارەوە ماندووبوون بەتایبەت یەکێتی نووسەرانی سلێمانی، نووسەرانی کۆیە و ئەوانەش کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر حاجی کردوە، خۆزگە ئەوە بۆ ئەسیری و جگەر خوێن و ئەوانی دیکەش دەکرا..



**بەڕێز عومەر عەبدولکەریم، شاعیر و ئەندامی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ گوتی:** وەک بیرۆکە بۆ ئەنجامدانی ئەم فیستیڤاڵە، لەم ساڵانەی دواییدا یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی چەند جارێک لەشاری کۆیەی خۆشەویستدا کۆڕی شیعریمان ئەنجامدا، من بۆخۆم دووجار لە دوو کۆڕدا شیعرم خوێندەوە لە دوا جاریاندا و لە ناو هۆڵەکەدا باسی ئەوەمان کرد ئەم پەرۆشیە لە کۆیە بۆ ئەدەب و بەتایبەت شیعر ئەوە دێنێت بۆ شاعیرێکی مەزنی وەکو حاجی قادری خاوەن زێدی شاری کۆیە فیستیڤاڵێک ئەنجام بدرێت لەم شارە خاوەن مێژووەدا.. باس بووە بیرۆکە و بیرۆکە بوو بە کار و کاریش ئەم فیستیڤاڵە ڕەنگینەی لێ ئەنجامدرا.. لەڕاستیدا هەرچی بکەین بۆ حاجی هێشتا کەمە.. گەر ڕۆحی مەزنی ئەو کەڵە شاعیرەی کورد قبوڵ بکات ئەوا ئێمەش دەڵێین مامە حاجی بمانبەخشە دیاری شوان (هەڵەکۆکە) گەورەم لێمان قبوڵ بکە گرنگە لەم فیستیڤاڵەدا قەڵەمەکانی کوردستان پێکەوە سەما بۆ ڕۆحی حاجی دەکەن. ■